

# شاڵ، مۆدەی باوی وەرزی پاییزە

لەمە بەدواوە کەش و هەوا بەرەو ساردی دەچێ و کچان و ئافرەتانیش پێویستە پێست و جوانییان لە سەرما بەدوور بگرن و خۆیان بپارێزن، بە تایبەت بەیانیانی زووی کوردستان، کە کەشێکی ساردی هەیە و بای سبەینانیش کاریگەری هەیە لەسەر پێست، تەنانەت شەوانەش، پلەکانی گەرما کەم دەبێتەوە و بەمەش کەش و هەوا سارد دەبێ، خانمانیش لەم وەرزەدا، بەهۆی گۆڕانکاری لە جل وبەرگدا تەنیا دەست و دەم و چاو و مل و بەرۆکیان بە دەرەوەیە، بۆئەوەی ئەو شوێنانەی بەدەرەوەن لە سەرما بپارێزرێن، خانمان دەتوانن سوود لە شاڵ وەربگرن، کە لەم وەرزەدا زیاتر شاڵ بەکاردەهێنرێت، بریتییە لە پارچە قوماشێکی ناسك، بە شێوەیەکی جوان نەخش کراوە، کاتێك ئەو شاڵە لە ملت دەئاڵێنیت، ئیدی بەرۆك و ملت و تەنانەت بەشێکی روومەتیشت بەر سەرما ناکەوێ و پارێزراو دەبێ، لە وەرزی زستانیش ملپێچ دەردەکەوێ، کە ئەویش بۆ پاراستنی ملە لە سەرمای بەتێنی زستان، جیاوازی نێوان شاڵ و ملپێچ ئەوەیە، شاڵ تەنکترە و زیاتر بۆ جوانی بەکاردەهێنرێت، هەروەها دەکرێت بەشێکی بخرێتە سەر رووخسار، تا لە تۆز و خۆڵی ئەو وەرزەدا بتپارێزێت، شاڵ لە هەموو جۆرە رەنگێکدا هەن، دەتوانی شاڵی رەنگاوڕەنگ یان تاك رەنگ هەڵبژێریت، کە زیاتر لەگەڵ جلەکانتدا گونجاو بێت.

# وێنەی تەنیای خۆت بە جلی بووکەوە بگرە



بووك و زاوا بە کۆمەڵێك هەنگاوی هەمەچەشن تێدەپەڕن، هەندێکیان ئاسان و هەندێکی دیکەش ماندووبوونی پێویستە، هەندێکیان وەك لاسایی کردنەوەی نەریتی بووك گواستنەوە و بە دڵی خۆیان هەنگاوێك یان کارێك لە کاری هاوسەرگیریان زیاد دەکەن یان گۆڕانکاری بەسەر شێوازی سرووشتی زەماوەندی هاوسەرگیریدا دەهێنن، وێنەگرتن بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی هاوسەرگیری بووك و زاوا، کە وەك نەریتێکی جاران و دووبارە و رۆتین، وێنەگرتنی بووك و زاوا، هەردەم لەگەڵ یەکترن، زۆر کەم دەبینین کە بووك و زاوا بە جیا وێنەی خۆیان بگرن، کە ئەوەش یەکێکە لە شێوازە مۆدێرن و تازەکانی وێنەی بووك و زاوا، تەنانەت لە پێشوودا ئەو هەنگاوە هەبووە، کە سەرەتا بووك و زاوا وێنەی یەکتریان لە جیا دەگرت، تا هەر یەکە بە جۆرە گۆشەیەك و لەقتەیەك وێنەیەکی جوانی هەبێ، کە زیاتر لە سەروبەندی پێش یان کاتی زەماوەند دەگیران، لەمەودوا با خانمانی بووك بیر لەوە بکەننەوە جگە لەوەی وێنە لەگەڵ زاوا دەگرن، پێویستە وێنەی تایبەتی بە خۆیانیان هەبێت، کە جوانی خۆیان و کراس و پرچ و تارای سپیان دەردەکەوێ، لە داهاتووشدا ئەو وێنەی تەنیا خۆت، لەماڵەکەتدا دابنێ، تا جوانی ئەو رۆژەت هەردەم لەبەرچاو بێت، هەوڵبدە داوا بکەیت کە وێنەی خۆت بە بووکێنی، لە نێو باخچە و شوێنێکی سرووشتیدا بێت، یان دەکرێ لە شوێنێکدا بێت، کە پایەبەرزن لە جوانی و رەواڵەتدا، چونکە هەر تۆی شوێنەکە و وێنەکەش رازاوە و جوان دەکەیت، تاوەکو یادگارییەکی چەندین ساڵە لەنێو ماڵەکەتدا بمێنێتەوە.



# ڕێنمایی بۆ جوانی پرچت

بۆ هەمیشە خانمان خەریکی پرچیانن و ڕۆژانە خۆیان بۆی هیلاك دەکەن و گرنگی پێدەدەن، مەبەستیشیان ئەوەیە کە پرچیان جوان و سەرنجڕاکێش و رازاوە بێ، هەروەها هەردەم بۆن خۆش و خاو بێت و بەسەر شانیاندا وەك کانگایەکی ئاو بێتە خوارەوە، هەندێ جاریش بەهۆی زۆر گرنگیدانیان بە پرچیانەوە، ڕووبەڕووی هەڵە و گرفت دەبنەوە، تەنانەت ماندووبوونیشیان بە فیڕۆ دەچێ و قژیشیان جوان نابێ، بۆیە پسپۆڕانی پرچ جوانکردن و ئارایشتکردن، چەند ڕێنمایی و هەنگاوێکیان بۆ کچان و ئافرەتان خستۆتە ڕوو، تا کارەکانیان ئاسان بکات بۆ ئەوەی پرچییان جوان و رازاوە بێت، لەوانە :

- دوای ئەوەی پرچت خاو دەکەیتەوە بە شانە، بە ئاوی شلەتێن و شامپۆ بیشۆ، سەرەتا شامپۆ بخەرە ناو لەپی دەستت و پاشان بەسەر هەموو پێستی سەرتدا پەرتی بکە و تەنیا لە شوێنێك کۆیان مەکەرەوە، دواتر بە هەردوو دەست شامپۆکە پەرت بکە، پاشان بۆ ماوەی (٥) خولەك بوەستە با شامپۆکە بە پرچتەوە بێت و هەموو تەلەکانی پرچت بەر شامپۆکە بکەوێت و پێستی سەریشت بگرێتەوە.

- ماوە ماوە سەری تاڵە مووەکانی پرچت ببڕە، یان سەنتیمەترێك کورتی بکەوە، تا قژت زیندوو بێت و لە موخۆرکە و وشك بوون بە دوور بێت.

- هەوڵبدە شەوان بەر لە نووستن، پێستی سەرت بشێلیت، شێلانەکە بە پەنجەکانت بێت و بە جووڵەی بازنەیی پێستی سەرت بشێلە تا خانەکانی تەڵەمووەکان چالاك بن.

- چەندین جۆرە خۆراك هەن، کە بەسوودن بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی پرچ، کە ئەمانەن : سپێناخ، گێزەر، هێلکە، چەرەزات، ئۆفۆکادۆ، سەوزە و میوە.

- ڕێژەیەکی زۆر ئاو بخۆرەوە تا قژت لە وشك بوون و هەڵوەرین بە دوور بێت، هەروەها لەبەر تیشکی هەتاویش زۆر مەوەستە، یان ئەگەر کارەکەت وایخواست کە زۆر بمێنیتەوە، دەتوانی کڵاوێك لەسەر بکەیت.

- هەوڵبدە ئەو کەرەستانەی بۆ پرچ بەکاردەهێنرێن، وەك: کرێم و حەمام زەیت و شامپۆ و سپرای، لەگەڵ جۆری قژ و شێوازی پرچتدا هاوشێوە و گونجاو بێت.

- لە بیریش مەکە، کە شەوانە بەر لە نووستن، پرچت پاك بکەرەوە لە هەموو کەرەستەیەك کە لێتداوە، تا کاریگەری نەبێت لەسەر پێستە سەر و مووەکانی پرچت، چونکە مانەوەی بە درێژایی شەو کاریگەری خۆی دەکات.



# ئوتووی جل و بەرگ له کوردەواریدا



مێژووی ســـەرهەڵدانی ئوتوو دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی چوارەم، کە سەرەتا لەلایەن چینییەکان ئەو بیرۆکەیە دۆزرایەوە و ئەوان بایەخێکی زۆریان بە جوانی و ڕێکی جل وبەرگ داوە، ئەوە بووە بیرۆکەیەك تا بتوانن کەرەستەیەك دروست بکەن تا جلی پێ ڕێك و جوان بکرێت، سەرەتا پارچە ئاســـنێکیان گەرم دەکرد و بە جلەکەیان دەخشاند، دواتر لە ســـەدەی حەفتەمدا، چینییـــەکان بیرۆکەکەیان پەرەپێدا و ئەمجارە کرایە شێوەی کوپێکی وەك ئوتووی ئێستا کە لەسەر ئاگر دادەنرا، دواتر بیرۆکەکە گواســـترایەوە بۆ کیشوەری ئەوروپا، ئەوانیش توانیان ژێرەوەی ئوتووەکە بە بەردی چیایی بپۆشن تا زوو سارد نەبێتەوە، پاشان لە سەدەی شازدەهەمدا، شێوەی ئوتوو گەورەتر بوو، بە تایبەت لەلایەن هۆڵەندییەکانەوە بیرۆکەکەیان باشـــتر کرد بە دانانی دوو پارچە ئاســـن لەســـەر یەکتر، تا زۆرترین ماوە بە گەرمی بمێنێتەوە، لە نێو کوردەواریشدا جاران پیاوان و کەسانی دیار بە تایبەت پیاوانی سەرکردە و سەرمایەدار و ئاغاکان، جلی کەشخە و جوانیان لەبەر دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە جلەکانیان پاك و ڕێك بێت، سەرەتا ئوتوو کردن بە ژێرەوەی کتری چا و ئاو گەرم کردن بوو، کە کترییەکی گەورەی ژێرەوە پانیان دەهێنا، پاشان ئاویان تێدەکرد و دواتر ئاوەکە گەرم دەکرا، جلەکەیان دەهێنا و پارچە قوماشێکیان دەخستە سەر جلەکە تا نەسووتێ یان ڕەنگی ڕەشی ژێرەوەی کترییەکە نەگرێ، ئینجا ئوتوویان دەکرد، پاشان ئەو کترییە نەما و ئوتووی سەر ئاگر پەیدا بوو، کە لەسەر ئاگر دادەنرا و دواتر ئوتووی پێدەکرا، پاشان ساڵانی حەفتاکان، بیرۆکەی ئوتووی ڕەژووی دار پەیدا بوو، کە ناوەوەی بۆشـــایی بوو، ڕەژووی داریان دەهێنا و گەرم دەکرا، دواتر دەیانخســـتە ناو بۆشـــایی ئوتووەکە و تا جلەکانیان ئوتوو دەکرد هەر گەرم دەبوو.



# لە ئاوارەییەوە بۆ شاجوانی!

کچێکی باڵابەرز و ناسك و قەشەنگ لە جوانیدا، خاوەن زەردەخەیەکی ئەفسووناوی، هێمن و لەســـەرخۆ، قوتابی کۆلێژی پزیشکی ددانە، ئەوە سیفاتی ئەو کچە سووریەیە کە دوو ساڵ لەمەوبەر، بەهۆی بارودۆخی سووریاوە ئاوارە دەبێ و دەچێتە لای خزم و کەس و کاری لە وڵاتی فینزەویلا، دوای ئەوەی داوای نیشـــتەجێ و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە دەکات، ئەوانیش لەبەر جوانییەکەی، بـــێ گفتوگۆ ڕەگەزنامـــەی پێدەدەن، ئەوەتا ئەمســـاڵ بەشداری کرد لە پێشـــبڕکێ شاجوانی وڵاتی فەنزەویلا، کە ئەو پێشـــبڕکێیە ســـاڵانە دەکرێ تاوەکـــو جوانترین کچی وڵاتەکەیان و وڵاتانی جیهان دەستنیشـــان بکەن، کچە ســـووری (لارا مریەم حەبەش)، لە دایکبووی ساڵی (١٩٩٦)ە و دانیشـــتووی گوندی (خەریبات)ە لە پارێزگای تەڕتووسی ســـووریا، سەرەتا ڕووی لە کاری نمایشکاری جل و بەرگ کرد، دواتر پێیان گوت، بۆ بەشـــداری پێشـــبڕکێی شـــاجوانی ناکەیت، هەر چ نەبێت پلەی دووەم یان ســـێیەم بەدەســـت دەهێنیت، دوای ئەوەی بەشدار دەبێ پلەی یەکەم و تاجی شـــاجوانی لەســـەر دەنێـــن، لە داهاتووشـــدا وەك شاجوانی فەنزویلا بەشـــداری پێشبڕکێی شاجوانی گـــەردوون دەکات، پێشـــبینیش دەکرێ ئەو نازناوەش بەدەست بهێنێت، ئەوەی جێگەی سەرســـوڕمانە هەر ئەمســـاڵ، کچێکی لوبنانی بەناوی (جیسیکا قەهواتی) بووە شاجوانی ئوســـترلیا و (ریما فەقیە)ش بووە شاجوانی وڵاتی ئەمریکا.



# ئیدی دەرزی لەناو كادێن بدۆزەوە!

هەندێك جار كە رووبەڕووی حاڵەتێكی ئاسـتەنگ و قورس دەبینەوە، بە تایبەت كاتێك شتێك ون دەكەین كە دۆزینەوەی مەحاڵە، هەر بۆیە لە خۆمانـەوە دەڵێین: واز لەم كارە بێنە، كێ دەتوانێ دەرزییەك لەناو پووش و پەڵاشدا بدۆزرێتەوە، تەنانەت پەندێكیش هەیە دەڵێ: (وەك دۆزینەوەی دەرزی لە كادێندایە) بەڵام ئەو پیاوە ئیتاڵییە، دژی ئەو بیرۆكەیە وەستا، كە هیچ شتێك مەحاڵ نییە، تەنیا مەحاڵ مەحاڵە، هەر بۆ تاقیكردنەوە، بە چاودێریی چەند كەسـێك و كۆمەڵێكی گەورەی پووش و پەلاشـیان هێنا، لە شوێنێكی گەورەیان دانا، لەلایەن كەسێكەوە دەرزییەك دەخاتە ناو پووش و پەلاشەكە و بە هەمان كەسە دەڵێن : بگەڕێ تا دەیدۆزیتەوە ! ئەو پیاوە ئیتاڵییە ناوی (سـڤین ساچلسبار)ە ، كاتێك لەگەڵ هاوڕێیەكی دەمەقاڵێ دەبێ بۆ كارێكی تایبەت، هاوڕێیەكەی ناوی راین گرۆینە و خەڵكی ئەمریكایە، لەو كاتەی گرۆین بە سـڤین دەڵێ : ئەو كارە ناكـرێ و چونكە ناتوانی دەرزییەك لەنێو پوش و پەڵاشـێكی زۆردا بدۆزیتەوە، سـڤینیش ئەو بیرۆكەیەی بۆ دێ و كە دەڵێ : من دەتوانم ئەو كارە بكەم، ئیدی كۆمەڵێك پووش و پەلاش لە شـوێنێك دادەنێن و دەرزییەك دەخەنە ناوی و بە سـڤین دەڵێن، كاری خۆت بكە، لە دوای گەڕانێكـی (٢) رۆژدا، كـە هەر رۆژێـك (١٢) كاتژمێر خەریكی گەڕان بە دوای دەرزییەكە بوو، لە كۆتاییدا دەرزییەكەی دۆزییەوە و بە هاوڕێكەی گوت : هیچ شتێك مەحاڵ نییە، تەنیا مەحاڵ مەحاڵە !



# بە پیری چووە بەر هەویر و یەكەمیش بوو!

لەلات سـەیر نەبێ ئەگەر رۆژێك ریكلام بۆ پێشـبڕكێی راكردنی پیاوانی بە تەمەن و بەسـاڵاچوان بكرێ، چونكە ئەوانیش وەك گەنجەكان حەزیان بە ژیانە و بەشـداریان لە چالاكییەكانی نێو كۆمەڵگە بە ئاوات دەخوازن، رەنگە لە سـەردەمی ئەواندا ئەمجۆرە چالاكی و كارانە نەبووە، هەر بۆیە لە وڵاتی ژاپۆن ساڵانە پێشبڕكێیەك بۆ پیاوانی بەساڵاچوو ئەنجام دەدرێ، هەر كەسێك تەمەنی لە (٨٠) ساڵەوە زیاتر بێت، دەتوانێ بەشداری ئەو پێشبڕكێیە بكات، كە لە شـاری تۆكیۆی ژاپۆنی، بە بەشداری (٦٠) بە ساڵاچوو پێشبڕكێكە ئەنجام درا، براوەی پێشبڕكێیەكەش پیاوێكی پیری تەمەن (١٠٥) ساڵ بوو، كەس پێشـبینی نەدەكرد ئەو پیاوە پیرە دەربچێت، ئەو پیاوە ناوی (هیدیكشی میازاكی)یە، لە دایك بووی سـاڵی (١٩١٠)یە، وەك خۆی دەڵێ: (جەنگی جیهانی یەكەمم بیر دێ، چونكە لە كۆتایی جەنگەكە تەمەنم (٨) سـاڵان بوو، لە پێشبڕكێیەكەشدا، سـەرەتا هەندێك دواكەوتم و لە دوای هەموویانەوە بووم، بەڵام دواتر وەرەم دایە بەرخۆم و لە دڵەوە گوتم هێشتا گەنجی و هەوڵی خۆت بدە، ئیدی هەموو توانام خستەگەڕ و پلەی یەكەمی راكردنەكەم بەدەست هێنا).

# ئەڵقەی هاوسەری جۆراوجۆر









ئەڵقەی هاوسەری هێمای پێکەوە ژیان و گۆڕینەوەی وەفا و هەست و سۆزە، ئەگەرچی ئەو ئەڵقەیە لە پارچە کانزایەك دروستدەکرێ، بەڵام لە مانا و گوزارشتدا، لەلایەن پیاوان و ئافرەتان بە تایبەتی شتێکی بە نرخە، جاران ئەڵقەی زیوو هەبوو، دواتر زێڕ ئێستاش ئەڵماس بۆتە مۆدی سەردەم، جگە لەوەش لەلایەن کۆمپانیایەکی دانیمارکی بە ناوی (وراپ)، کە تایبەتە بە دروست کردنی ئەو جۆرە ئێکسسوارە، کۆمەڵێك مۆدی ئەڵقەی پەنجەی جۆراوجۆری دروست کردوون، کە هەندێکیان لە کەرەستەی بێ سوود و ئاسایی دروست کراون، جێگەی تێڕوانینە کە خواست لەسەر ئەمجۆرە ئەڵقەیە هەیە و خانمانیش داوای دەکەن، تا ئێستا نزیکەی (١٠) هەزار ئەڵقەی لەم جۆرەیان بەرهەم هێناوە، وێڕای ئەوەی کچانی وڵاتانی ئەوروپا، ئەوەندە مانای ئەڵقەکەیان لەلاگرنگە لە شێوە و جۆری ماددەی ئەڵقەکە.



## بووکە کورتەکە !

زاوا دوو ئەوەندە و نیوی بووکەکەیە، زاوا گەنجێکی باڵابەرزی چوارشانە، بووکەش یەك مەتری تەواو لە زاوا کورتترە، ئەگەرچی بەژن و باڵای پیاوان درێژترە لە باڵای ئافرەتان، تەنانەت هەندێ لە کچانیش دەخوازن کە هاوسەرەکانیان لە خۆیان درێژتر بێ، هەروەها پیاوانیش دەخوازن هاوسەرەکانیان باڵا بەرز بێ، بەڵام ئەو پیاوە هەموو ئەو قسە و بیرۆکانەی ڕەت کردۆتەوە، ئێستاش بۆتە هاوسەری ئافرەتێك کە مەترێك لە خۆی کورتترە، ئەو ئافرەتە ناوی (ئاماندا فایف)ەو درێژی باڵای تەنیا (٨١) سەنتیمەترە، ئەو کوڕەش ناوی (ستیڤن)ە باڵای (١٨٥) سەنتیمەترە، کە لە دڵەوە ئەو ئاماندای خۆشویستووە و ئێستاش بڕیاری هاوسەریانداوە، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن زاوا بووکەکەی لە باوەش و سەر شانی داناوە، وەك ئەوەی کچی خۆی بێت؟

## بۆ زانیاریت



### ژمارەی پێڵاو

مێژووی بیرۆکەی پێڵاو لە پێ کردن بۆ پێش چل هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتە بیریان لە ڕوپۆش کردنی هەموو ئەو شوێنانە بوو کە بەسەریدا دەرۆیشتن، دەگێڕنەوە پاشایەك هەبوو، جارێکیان بۆ راو دەردەچێت، دوای گەڕانەوەی پێ و قاچی ئەستوور بوونە و بە ئاستەم توانیویەتی بڕوات، ئەویش فەرمان دەکات شوێنی ڕاو هەمووی بە پێستی گیانداران ڕوپۆش بکرێت، دواتر یەکێك دڵێ: نابێ ئەو پێستە لە هەموو شوێنێك بدرێت، وەك ئەوە وادەبێ کە هەموو شوێنێك پێست ڕوپۆش کرابێت، با بزانین پێوانەی ژمارەکانی پێڵاو لە چی



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسێکی نزیکت هەردەم مایەی چاکەیە بۆت، تۆش یارمەتی بدە کە لەو ماوەیە پێویستی بە تۆیە، کەسایەتیت لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا ناگونجێت و خۆت بگونجێنە. لەبەر ئەوەی زۆربەی کات وا هەست دەکەیت کە کەسێکی بەختت نییە و کارەکانت بە دڵی تۆ نابن، واچاکە بیر لەو شتانە نەکەیتەوە و دووبارە بەرنامە بۆ کارەکانت دابنێیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بە کاتەکانت ڕاناگەیت و کارەکانت هەردەم دوا دەکەون، ئەوەش مانای ئەوەیە کە لە ڕێکخستنی ئەرکەکانت بە هەڵە ڕێگەت گرتووە، هەوڵبدە کاتەکانت دیاری بکەیت و هەر هەنگاوێك کاتێکی بۆ دابنێ، لە بواری هەستەوە بە قووڵی دەڕوانیتە ئەو کەسەی خۆشەویستتە، کەچی ئەو زۆربەی کات فەرامۆشت دەکات.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بڕوات بە کەسانی دڵسۆزی دەوروبەرت هەبێ، چونکە هەر ئەوانن یارمەتیت دەدەن کاتێك تووشی گرفت و کێشە دەبیتەوە. هەر هەنگاوێك لەسەر خۆت حیسابە و نابێ کارێك بکەیت دواتر پەشیمان ببیتەوە. ڕێگەی داهاتووت تۆزێك دژوار دەبێ، بەتایبەت کە دەتەوێ لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستت چارەسەری کێشەکانتان بکەن.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

جیاوازی لە نێوان خولیا و ئاواتدا بکە، ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە ئاواتە لە دڵت، لەم کاتەدا بۆت نابن و بۆ ماوەیەکی دیکە دوایان بخە، بەڵام خولیایەکانت پێویستە گرنگییان پێبدەیت بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکەیت. کەسێك نیازی وایە کارێکی لەناکاوت بۆ بکات، تۆش ئامادە بە و مەشڵەژێ و متمانەت بە خۆت هەبێ.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەستەکانت فەرامۆش کردووە و تەنیا گرنگی بە کار و ئیشت دەدەیت، ئەوەش کارێکی هەڵەیە و هیچ ئەنجامێکی بۆت نابێ. دەبێ هاوسەنگی لە کار و ئەرکەکانت بکەیت و لایەنی هەست و سۆزیشت پەرە پێبدەیت، چونکە کەسێکی بەرامبەرت دەیەوێ هەستت بۆ خۆی رابکێشێت و دڵنیات بکاتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕاپەڕاندنی کارەکانت کارامەی و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دەکەیت، کەچی لە چارەسەری کێشەکانت خۆت تووشی گرفت دەکەی، بۆیە ئەنجامەکان بە دڵی تۆ نین. هەوڵبدە بە ڕوونی سەیری گرفتەکانت بکەیت و چارەسەری گونجاویان بۆ دابنێت، ئەو کەسەی لە دڵتە ئەویش تۆی لە خەیاڵە و تۆی مەبەستە.

## پەند و وتە



**- جۆن ستیوارت میل، دەربارەی دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان دەڵێ:**

مرۆڤ بۆ سەروەت و دەوڵەمەندی دابەش دەبن بەسەر دوو جۆردا، هەندێکیان حەز تەنیا حەز بە دەوڵەمەندی دەکەن و بایی ئەوەندەی خۆیان هەبێ بۆ داهاتووش، کە ئەوانە بەشێکی کەمن، بەڵام زۆرینە حەز دەکات دەوڵەمەند بێت و هەروەها لە دەوڵەمەندەکانی دیکە دەوڵەمەندتر بێت.

## تابلۆ



کەروێشکی بچووك یەکێکە لە شاکارە جوان و سرووشتییەکانی وێنەکێشی ئەڵمانی (ئەلبرێخت دیۆر)، کە ساڵی (١٤٧١) لە ئەڵمانیا لە دایکبووە، دواتر گەشتی کردووە بۆ وڵاتی نەمسا و لەوێوە دەستی بە کاری وێنەکێشان کردووە، زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەو کاتە ڕەخنەی ئەوەیان لە ئەلبرێخت دەگرت، بۆ وێنەکێشان دەچێ جوانی گیانداران دەقۆزێتەوە تا وێنەکەی سەرنجراکێش بێ، لە کاتێکدا لە وێنەکانیدا، دروستی و سرووشتی گیاندارانی نیشانداوە، کە زۆر بە جوانی ڕەنگەکانی تێکەڵی یەکتر کردووە، هەروەها تابلۆکە وێنەیەك بێت بە کامێرا گیرابێت، ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٥٠٢) کێشاوە، ئەگەر بیویستبایە وێنەکەی سەرنجراکێش بێت، وێنەی پشیلەیەکی دەکرد، چونکە پشیلە سەرنجراکێشترین گیاندارە لە نێو وێنەی تابلۆدا، ئەم نیگارکێشە لە ساڵی (١٥٢٨) کۆچی دوایی کردووە.

## یاری پیت

**هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی :**

ه ش ب ۆ و

**ئاسانکاری : ناوی گوڵێکە !**

هاتووە، بۆ نموونە: پێوانەی پێی کەسێك (٤١) بێت، خۆ ناکرێ بڵێن (٤١) سەنتیمەتر یان ملیمەتر، ئەو پێوانەیش لە سەردەمێکدا دانراوە کە پێوانە بۆ درێژی و شت نەبوون، سەرەتا بیریان لەوە کردەوە کە دەنکە گەنم بکرێتە پێوانە، بەڵام دواتر زانیان کە دەنکە گەنم، درێژ و کورت دەبێ، بۆیە بیریان لە دەنکە جۆ کردەوە، کە دەنکە جۆ درێژی و کورتی نییە و هەمان پێوانەیە، بۆیە ئەوەی ئێستا پێوانەی پێی (٤١) بێت، واتە ئەوەندە (٤١) دەنکە جۆیە لە تەنیشت یەکتر دابنرێن، هەندێکیش ئەو پێوانەیە دەگەڕێننەوە بۆ پێوانەی فەرەنسی، کە بەپێیەکەی (٢ لەسەر٣) دانراوە، واتە ئەگەر کەسێك ژمارەی پێڵاوی (٣٠) بێت، واتە دەکاتە (٢٠) سەنتیمەتر.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بە دوای ئەو هەستانەتدا دەگەڕێت کە لە دڵتەوەن و ناتەوێ لە خۆڕا لەدەستی بدەی. ئەو کەسەی ئەوەندە گرنگیت پێدەدات، بە سادەیی فەرامۆشی مەکە، چونکە هەستەکانی بۆت پاکە، ماوەیەکە بڕیارەکانت بوونەتە جێگەی کێشە و گرفت بۆت، پێویستە سەرەتا بیر بکەیتەوە و پاشان بڕیارەکانت جێبەجێ بکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەو کەسەی ماوەیەکە گرنگیت پێدەدات، رازێکی لە دڵە بۆت، پێویستە ئاستی کەسایەتی و نیازی بزانیت، پاشان بڕیار لەسەر ئەوە بدەیت، لێت نزیك بێتەوە، یان فەرامۆشی بکەیت. هەنگاوەکانت بەرەو کاری چاکتر دەچن و لە کارەکانت ژیریت پێوە دیارە، هەوڵبدە لە ڕەفتارەکردندا کەسێکی سادە بێت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەمیشە لەگەڵ کەسانی دەورووبەرت بە سادەیی رەفتار بکە، بەڵام کاتێك کەسێك ویستی کێشەت بۆت دروست بکات، لێی دوور بکەوە و فەرامۆشی بکە. ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و بێزاریت پێوە دیارە. کەسێکی نزیکت دەیەوێ یارمەتیت بدات، تۆش ڕەتی مەکەوە، لە داهاتووش مەترسە و بەرەو باشی ڕێگە دەگریت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بڕیارەکانت پەلەن و دەتەوێ خێرا بگەیتە ئامانجەکانت، بۆ ئەوەش بیرکردنەوە و خۆگونجاندنت باش نییە و دەبێ بە وردی و بە هێواشی بە ئەنجامی هەنگاوەکانت بگەیت، پەلەکردنت دەبێتە مایەی سەرنەکەوتن. دڵت لەگەڵ کەسی خۆشەویستت بێت، چونکە ئەو زۆر کاری جوانی بۆت کردووە و گرنگیت پێدەدات.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماوەیەکە زۆر بە قووڵی بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە، ئەوەش وای کردووە کە ڕەشبینیت پێوە دیار بێت، پێویست بەوەندە بیر کردنەوە ناکات، لێگەڕێ با ڕۆژگار داهاتووت دیاری بکات، بەڵام کارەکانیشت فەرامۆش مەکە و لە ئەرکەکانت بەردەوام بە، کەسێکی بە بەهرە و زیرەکی و زۆربەی کارەکانت سەر دەگرن.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

تا دەتوانی خۆت لە گرفتی کەسانی دیکەوە بە دوور بگرە، ئەگەر توانیت بۆیان چارەسەر بکەیت، ئەوە چاکە، ئەگینا لە خۆتەوە کار بۆ کەس مەکە، وەك ئەو کارەی لەم ماوەیە ئەنجامتدا بۆ ئەو کەسە، کە بە خراپە بۆت گەڕایەوە، رازی خۆت بە کەس مەدە و تا لەو کەسە دڵنیا دەبیت و دەبێتە جێگەی متمانەت.